# هونەرمەند سەفینساڵح:

# کۆمپانیای چوارچرا تەنها کارەکانی وەستاندووە، کۆتایی نەهاتووە

**شەش ساڵ بەر لە ئێستا لە لایەن هەردوو هونەرمەندان (سەفین ساڵح و ڕێبین جەمال) بە هاوکاری کاك عیرفان زەنگەنە بەشی ڕۆشنبیری و هونەری کۆمپانیای چوارچرا دامەزرا, کە جێگای ئومێدی هونەرمەندان و جەماوەری هونەردۆست بوو, هەر لەو کاتەی ئەم کۆمپانیایە دامەزرا چەندین کارو چالاکی هونەری ناوازەی ئەنجامدا, کە جێگای دڵخۆشی هەموولایەك بوو. دوای شەش ساڵ لە ئەنجامدانی کاری هونەری ماوەیەك لەمەوبەر چوارچرا کارەکانی خۆی وەستاند کە بووە جێگای نائومێدی هونەرمەندان و جەماوەریش, سەبارەت بە بڕیاری وەستانی کارەکانی چوارچرا پەیوەندیمان بە هونەرمەند سەفین ساڵح کرد، وتی:**

## سازدانی: زیاد کەریم



چوارچرا لە سەرەتای دامەزراندنیدا ئامانجی هەبوو, ئامانجەکەش ئەوەبوو چۆن بتوانێ خزمەتی ئاستێکی پڕ کوالیتی جەماوەرو هونەرمەندان بکات, لەو کاتەوەی دامەزراوە تاکو ئێستا توانی پتر لە (105) ئەلبوم بە باشترین شێوازی جیهانی چاپو بڵاوبکاتەوەو بە هەرزانترین نرخ بیهێنێتە بازاڕی کوردستان و جەماوەر فێربکا, کە بە پیر ئۆرجینالەوە بچێ, بەداخەوە ئەوە دەڵێم کە ئێمە تا ئێستا بەپێی پێویست خزمەتی هونەرو هونەرمەندانمان نەکردووە ئەو هەموو کێشانەش کە بەسەر چوارچرا هاتن من راستەوخۆ لە دەسەڵاتی دەزانم دوو وەزارەتی ڕۆشنبیری هەیە تەنها بیر لە چەمکە زۆر تاریکەکانی خۆیان دەکەنەوە, کامە وەزارەت ئیدانەی ئەو ڕەوشەی کرد کە چوارچرای تێدایە, من تەمەنای ئەوەم دەکرد کە (10) چوارچرا هەبێ لە کوردستان تا چراکان هەمووان داگیرسێنن بە رووی هونەرمەندانی کوردستان, ئێمە بووینە قوربانی بەڵام ئەم قوربانییە بۆ ئێمە شانازییە کە بە هەموو چەپڵەکە لێدراوە کە جێی خۆشحاڵی بوون بۆ چوارچرا, ئەوێ ڕۆژێ کە چوارچرا یەکێك لە چراکانی خۆی کوژاندەوە گوتی (گەر دەزگای ڕاگەیاندن نەبوایە ئێمە نەماندەتوانی هیچ بکەین)..

پەشیمان نین لەوەی کە لە چوارچرا کراوە, پەشیمانین بۆ شتێك کە جەماوەری کورد بەتایبەتی لە هەولێرو سلێمانی و کوردستان هەمووی خەمخۆربوون بۆ چوارچرا بۆیە دەڵێم کۆتایی هێنانی چوارچرا هۆکاری ماددی نەبوو چونکە خاوەنەکەی بە شانازییەوە دەڵێم یەکێکە لە دەوڵەمەندەکانی کوردستان, کە بەرەنگاری ئەو دۆخەی کردەوە کە ڕووبەڕووی چوارچرا بۆوە, دواجار دەڵێم کە جام پڕبوو لێی دەڕژێ, ماوەتەوە بڵێم کۆمپانیای چوارچرا تەنها کارەکانی وەستاندووە کۆتایی نەهاتووە, چوارچرا لە ماوەی ئەم شەش ساڵە توانی مێژوویەك بۆ خۆی تۆماربکا, بۆیە هیوای ئەوە دەخوازم بە زووترین کات چوارچرا بگەڕێتەوە مەیدان و دەسەڵاتی سیاسی کوردیش کەمێك شەرم لە خۆی بکات و ڕێز لە هونەرو هونەرمەندانی کورد بگرێ..